# کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم

1

**حەمەسەعید حەسەن**

کتێبێکی لینین هەیە، ناوی (مارکسیزم و کاوتسکیی هەڵگەڕاوە)یە، کە بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بانیخێلانیم خوێندەوە،(١) چونکە لە زۆر جێدا ڕەخنەی لە بەهادین نووریی گرتبوو، پێم گوت: (ئەبو سەرباز کتێبەکەت کە ڕاستگۆیانە نووسیوتە، دەبوو ناوی ‹بیرەوەرییەکانم و بەهادین نووریی هەڵگەڕاوە› بووایە.) هەر لەم ڕوانگەیەوە بەرگی سێیەمیش لە کتێبەکەی مەسعوود بارزانی کە بۆ باسکردنی شۆڕشی ئەیلوول تەرخانە و لە زۆر جێدا باسی (جاشەکانی 66)ی تێدا دەکرێت، هەق وابوو ناوی (شۆڕشی ئەیلوول و جاشەکانی 66) بووایە.

مەسعوود بارزانی بە درێژایی کتێبەکەی، بە (جاشەکانی شەست و شەش،) ناوی ئەوانە دەهێنێت کە لە شۆڕشی ئەیلوول جیا بوونەوە و لە بەکرەجۆ گیرسانەوە. ئەم (جاشایەتی)یە، ناتۆرەیەک یان جنێوێک نییە، ئەو دایهێنابێت، دەبڕینێکە خۆڕسکانە لەنێو جەماوەرەوە سەری هەڵداوە، هەر گرووپ و لایەنێک لە نێوان کورد و ڕژێمی داگیرکاردا، سەنگەری دووەمیانی هەڵبژاردبێت، جەماوەر بە (جاش)ی نێوزەد کردووە.(٢)

لە ڕوانگەی مەسعوود بارزانییەوە، (ئیبراهیم ئەحمەدی مامۆستای دووکەرتایەتی، کە داهێنەری جاشایەتییە لە ریزی ڕۆشنبیراندا، بە هەق شیاوی ‹نازناو!›ی جاشرۆشنبیرە و کورد بۆیە ناتۆرەی جاشی شەست و شەشی دوای تاخمەکەی خست، تا لە جاشەکانی تر، جوێ بکرێنەوە.)(٣) نووسەر پێی وایە، جاشی شەست و شەش کاری هێندە دزێویان دەکرد، جاشی کۆن لە چاو ئەماندا لە فریشتەی خاوێن دەچوو.(ل٢٢٥ ) بۆ نموونە: عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری کە دوو فەرماندەی جەلالی بوون، بە نۆرە هەر جارەی یەکێکیان سوای باڵەفڕی جەنگی دەبوون و شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەیان پیشانی باڵەفڕوانانی لەشکری بەعس دەدا.(ل٢٢٦) فەریق ڕوکن ئیسماعیل تایە نعێمی دەنووسێت: (ئەو زانیارییانەی بە هۆی تاخمەکەی جەلال تاڵەبانییەوە، دەهاتن بۆمان، ورد بوون و سوودیان زۆر بوو.)(ل٢٢٧ ) هەر بۆیە سەروەختی ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ (مەرجێکی وەفدی شۆڕش، داماڵینی چەکی جاشەکانی ٦٦ دەبێت.)(ل٢٢٨) کە ڕژێمی بەغدا مل بۆ ئەم مەرجە نادات، (شەڕ لەگەڵ سوپادا دەوەستێت، بەڵام لەگەڵ جاشەکانی 66دا هەر بەردەوام دەبێت.)(ل٢٢٨)

کتێبەکە بە هەردوو بەرگەکەی هەزار و سەد لاپەڕەیەکە و ساڵێک بەر لە ئێستا بە شێوەیەکی نایاب، چاپ کراوە، وەلێ پێ دەچێت لەبەر ناسکیی هەلومەرجەکە، بڵاوکردنەوەی دوا خرابێت، تا ئەوە بوو لە هەژدەیەمین

# کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم
2

**حەمەسەعید حەسەن**

لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٦٩دا، کە هێرشێکی فیرقەی چوار لە دەڤەری شەمکان تووشی شکان دێت، فەرماندەی فیرقەکە و سەرۆکجاش محێی هەرکی، ئاگر لە ٦٧ ژن و منداڵی هەردوو گوندی دەکان و سۆریا کە لە ترسی تۆڵەی لەشکر هەڵاتبوون و لە ئەشکەوتێکدا خۆیان حەشار دابوو، بەر دەدەن!(٥) سەروەختی شەڕی نێوخۆی دوای ڕاپەڕین، تاڵەبانی بۆ شکاندنی شکۆی پارتی، تەنانەت هانای بۆ ئەو سەرۆکجاشە کوردسووتێنەش برد! شیاوی گوتنە هەر ئەم محێی هەرکییە لە بەغدا، لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٧٠دا، بە هاوکاریی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانیی دا. (ل٦٣ ب٢)

کە وەفدی بەعس لە یەکەمین ڕۆژیساڵی ١٩٧٠دا دێنە ناوپردان، پارتی داوای داماڵینی چەکی هەموو چڵکاوخۆران لە سەروو گشتیانەوە، جاشەکانی (LXVI)(*) یان لێ دەکات، حەماد شەهابی سەرلەشکری بەعس کە سەرۆکی دەفدەکەش دەبێت، ئەو داخوازییە پەسەند ناکات، بەڵام عەبدولخالیق سامەرائی بە وەفدی پارتی دەڵێت: (ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕین، ئەوە بارێکی قورسە بەسەر شانمانەوە کە ئەو چڵکاوخۆرانە هەوپەیمانمان بن، ئەوەی ناپاکی لە میللەتەکەی خۆی بکات، چاوەڕێی هیچ چاکەیەکی لێ ناکرێت، ئێمە ئەو جاشانەمان بە میرات لە حکوومەتەکانی پێش خۆمانەوە بۆ ماوەتەوە.) (ل٣٠ ب٢)

پارتی ماوەی وتوێژی نێوان خۆی و بەعس بە هەل دەزانێت و ناوچەگەلی گەرمیان، قەرەداغ، شوان، شێخ بزێنی و دۆڵی جافەتی لە جاشەکانی شەست و شەش خاوێن دەکاتەوە. (ل٣٦ ب٢) سێ ڕۆژ دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کەسێک لەسەر خواستی نەوشیروان مستەفا، نارنجۆکێک فڕێ دەداتە نێو ئاهەنگی قوتابخانەیەکی کچانەوە لە سلێمانی. کەسەکە دەگیرێت و لە سێدارە دەدرێت، وەلێ نەوشیروان بۆ نەمسا هەڵدێت. (ل٥١ ب٢) لە کۆبوونەوەکەی ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ی سەرکردایەتیی پارتیدا، کەمینەیەک دەخوازن جاشەکانی ٦٦ بە تۆمەتی ناپاکیی مەزن، بە دادگە بدرێن، بارزانی پێیان دەڵێت: (گومان لەوەدا نییە کە خیانەتەکەیان زۆر گەورە بوو، بەڵام شۆڕش سەرکەوتووە و ئەوان زەبوون بوون، لێبووردنیش لە کاتی بە دەسەڵاتیدا دەبێت.) (ل٥٩ ب٢)

پاییزی ١٩٧٠ عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بە مەسعوود بارزانی دەڵێن: (ئێمە هەقی کەسی ترمان نییە، ڕازی نابین ناوی <جەلالی>مان لێ بنرێت، ئێمە هاتووین بێینەوە ناو پارتی، ئاخر جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد هەر چی پارەیەک هەبووە، هەموویان بۆ خۆیان بردووە و جەلال لە یەکێک لە بانکەکانی کوەیتدا بە ناوی خۆیەوە دایناوە.) (ل٦٠ ب٢) دواتر ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیش دێنە خزمەتی بارزانی و پێی دەڵێن: (نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لای تۆن، ئێمە بە هەڵەدا چووبووین.) (ل٦٠ ب٢)

کە لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا، وەفدێکی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی حەردان تکریتی دێتە ناوپردان و

قسه لەسەر پرسی کەرکووک دەکرێت، بارزانی دەڵێت: (ئێمە بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری کەرکووک نابین و ئەگەر تەنیا تاکە کوردێکی تێدا بمێنێت، هەر کوردستانە.)(ل٣٩ ب٢) کە لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١دا، بەعس هەوڵی کوشتنی بارزانی دەدات، هەندێک لە سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش داوا دەکەن، پێوەندیی لەگەڵ بەعس بپچڕێنرێت و شەڕ دەستپێ بکرێتەوە، بارزانی دژی ئەو بۆچوونە دەبێت و دەڵێت (ئەگەر دەست بە شەڕ بکەینەوە با لە پێناوی کەرکووکدا بێت، نەک بە هۆی منەوە.)(ل٧٢ ب٢) مێژوو سەلماندی بارزانی وەفای بۆ قسەی خۆی هەبوو، دەستی لە کوردستانیبوونی کەرکووک هەڵنەگرت و لە پێناوی کەرکووکدا شەڕی دەستپێ کردەوە.

*

دەربارەی ئەو قەسابخانەیەی بۆ بنەماڵەی فاخیر مێرگەسۆری ساز کرا، مەسعوود بارزانی دەنووسێت: (ڕژێم توانی ژمارەیەک لە کادیرانی پارتی و شۆڕش بکات بە پیاوی خۆی، لەوانە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، قارەمانی شەڕی هەندرێن و بەرپرسی لقی سلێمانی، فاخیر مێرگەسۆری. نازم گزار ئەرکی ئەوەی خستبووە سەر شانی فاخیر، پلانێک جێبەجێ بکات کە بۆ پاکتاوکردنی سەرکردایەتیی شۆڕش ڕێک خرابوو، ئەویش بە تەقاندنەوەی شوێنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، کاتێک بارزانی خۆیشی لەوێ بێت. )(ل١٠٤ و ١٠٥ ب٢) (جەمیلی برای فاخیر جاسووسیی بۆ عێراق و ئێران دەکرد و نیازی ئەوەی هەبوو، لەسەر خواستی ساواک، عەبدولوەهاب ئەترووشی کە پارێزگاری هەولێر بوو، بکوژێت. حەمەد ئاغای باوکی فاخیر پتر لە ١٥ بارزانیی دڵسۆزی کوشتووە. ل١٠٦ ب٢)

ئەگەر چی نووسەر هەردوو بەشەکەی کتێبەکەی بە دەیان بەڵگەی گرنگ دەوڵەمەند کردووە، وەلێ تاقە بەڵگەیەکی بڵاو نەکردووەتەوە، کە ناپاکیی فاخیر یان جەمیل بسەلمێنێت، ناوی هیچ کام لەو پازدە بارزانییەی نەهێناوە کە گوایە باوکی فاخیر کوشتوونی. ئەگەر چی بەعس توانی هەم عەزیز ئاکرەیی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو، هەم عوبەیدوڵلا کە کوڕی بارزانی بوو، بکڕێت، وەلێ مەرج نییە توانای کڕینی فاخیریشی هەبووبێت.

(لە بەغدا، جەلال تاڵەبانی پێی گوتم: کە چوویتەوە بۆ لای بارزانی، پێی بڵێ: فاخیر مێرگەسووری دەستی لەگەڵ بەعسدا تێکەڵ کردووە.)(٦) ئەمە قسەی فەرەنسۆ حەریرییە و تا ڕادەیەکی باش جێی باوەڕە، چونکە:

(١) فاخیر مێرگەسۆری لە دەڤەرە سۆرانی نشینەکاندا کەسایەتییەکی خۆشەویست و جەماوەری بوو، بەمەش هەڕەشەی لە خەونی داهاتووی تاڵەبانی دەکرد، کە نەیدەیخواست لە ئایندەدا کەسێک هەبێت لەو ناوچانە کە ئەو بە هی خۆی دەزانین، ڕکەبەری بێت.

(٢) ئەو جۆرە زمانلێدان و بۆ هەڵبەستنانە لە تاڵەبانی دەوەشێتەوە. با بەڵگەیەک بهێنینەوە: لە ١٩٧٢/٦/٢٢ تاڵەبانی لە نامەیەکدا کە بۆ ئیدریس بارزانی و مەسعوود بارزانی هەناردووە، دەنووسێت: (سەربەست بامەڕنی پیاوی میرییە، ئەوان ناردوویانە بۆ ناو جیهازی پاراستنی پارتی.) (ل٣٠٢ ب٢)

(٣) تاڵەبانی دەڵێت: (بنەماڵەی بارزانی پیاوی هۆشمەند، زیرەک و بوێری وەک فاخیریان پێ قەبووڵ

نەدەکرا.)(۷) ڕاستە فاخیر مێرگەسۆری کەسایەتییەکی گرنگی نێو شۆڕش و پارتی بوو، وەلێ پێم وا نییە، بنەماڵەی بارزانی ترسی ئەوەیان لێی هەبووبێت کە جێیان پێ لێژ بکات، ئاخر فاخیر لە ئەوپەڕی دەسەڵاتیشیدا خۆی بە پێشمەرگەی بارزانی زانیوە. ئەگەر کەسێک هەبووبێت لە هۆشمەندی و بوێریی فاخیر تۆقیبێت، خودی تاڵەبانی بووە. تاڵەبانی چونکە خۆی ئەو هەستەی هەبووە، پێی وابووە بنەماڵەی بارزانیش هەمان هەستیان هەیە، ئاخر پێشینیان گوتەنی: لە دز وایە، هەموو کەس دزە.

لە ڕوانگەی مەسعوود بارزانییەوە (جەمیل)ی برای فاخیر بۆیە کوژراوە، چونکە ئێران بە مەبەستی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، ئەرکی تێکدانی نێوانی شۆڕش و بەعسی پێ سپاردبوو،(ل۱۰۵ ب۲) بەڵام لە دیدی شیوعییەکانەوە، جەمیل تا ۱۹۷۱/۲/۱٤ کە ڕۆژی تیرۆرکردنیەتی، هەر ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراق بووە.

کە سەعید تۆڵە لە بکوژی جەمیلی برای دەکاتەوە، بارزانی فاخیر و باوکی دەستبەسەر دەکات و دواتر تراژیدیاکە بە قەلاچۆکردنی حەمەد ئاغا و هەموو کوڕەکانی کۆتایی دێت.

شەپۆل فاخیر مێرگەسوری دەنووسێت: (لە تەمووزی ۱۹۷۲ بە دواوە، کەس ئاگای لە فاخیر، سەعید و خەلۆ برادۆستی نامێنێت و هێشتا کەس نازانێت، کەی و چۆن کوژران، بەڵام حەمەد ئاغا و کوڕەکانی دیکەی لە ۲۲ و ۲۳ی ئاداری ۱۹۷٥دا، یەکسەر دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بە فەرمانی بنەماڵەی بارزانی دەکوژرێن و لە ئەپریلی هەمان ساڵدا، تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە.)(۸) من نازانم فاخیر، باوکی و براکانی، لە سۆنگەی چییەوە بە کۆمەڵ کوژران؟ بەڵام ئەوە دەزانم، ئەگەر بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر ناپاکییان هەبووایە، بە ئاشکرا دادگایی دەکران. **(لە ۲۲ی شوباتی ۲۰۰٥ مەسعوود بارزانی پێشوازی لە هەردوو کوڕەکەی فاخیر مێرگەسۆری: ئاراز و هەندرێن، دەکات، ڕەددی ئیعتیبار بۆ باوکیان، وەک سەرکردەیەکی شەهیدی پارتی دەگێڕێتەوە و نیگەرانیی خۆی بۆ ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی بوونە هۆی لە دەستدانی سەرکردەیەکی وەک فاخیر مێرگەسۆری دەردەبڕێت!)(۹)**

2005. 06. 04

(٥) مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل۱۱ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ۲۰۰٤ هەولێر. (ئیدی وێڕای ئاماژەکردن بۆ لاپەڕەکە، ‹ب۲›یش دەنووسم کە مەبەستم لە بەشی دووەمی کتێبەکەیە. ح. س. ح)

(٦) شەپول فاخر میرگەسوری، لسان الجریمە ینطق، ترجمە: محمد عبدالله ۱۹۹۸ ص۹۱ (کتێبەکە ناوی چاپخانە و شوێنی چاپی پێوە نییە.) * پێم وایە محەمەد عەبدوڵڵا ناوێکی وەهمییە و بنووسی کتێبەکەش، شەپۆل نییە، نووسەرێکی لێهاتووە کە هەم شیوعی بووە و هەم لە نزیکیشەوە ئاگاداری شۆڕشی ئەیلوول بووە.

(۷) سەرچاوەی پێشوو، ل۹۱

(۸) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦

(۹) سەرۆک بارزانی پێشوازی لە بەڕێزان ئاراز فاخیر مێرگەسۆری و هەندرێن فاخیر مێرگەسۆری دەکات، خەبات، ژمارە ۱۷۱۷ چوارشەمە ۲۰۰٥/۲/۲۳ هەولێر.

* ئەوە هەر شەست و شەشە بە ژمارەی ڕۆمانی نووسیومە،

پێشانگەی کتێبی نێونەتەوەیی لە تاران، کە لە نێوان ٤ تا ١٤ی ئایاری ٢٠٠٥دا بەڕێوە چوو، نیشان درا و (لە هەموو کتێبەکانی دیکەی دەزگای ئاراس کە لەو پێشانگەیەدا نیشان درابوون، زێتری لێ فرۆشرا.)(٤)

باسکردن لە شۆڕشی ئەیلوول و باسکردن لە ڕۆڵی ڕێبەری شۆڕشەکە، دوو شت نین، یەکێکن، کتێبەکە بە بەسەرکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی ڕێبەرەکەی هەر لە سەرهەڵدانییەوە تا نسکۆی، دوایی نایەت، بەڵکوو درێژەی دەبێت تا بارزانی کۆچی دوایی دەکات. من هەموو ئەو کتێبانەم خوێندوونەوە کە دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول، یان گوڵان و نوێ، نووسراون، پێم وایە ئەم کتێبەی مەسعوود بارزانی لە هەموو ئەو کتێبانەی پێشتر لەو بوارەدا نووسراون، دەوڵەمەندتر و ئاکادیمیکترە.

ئۆرگینالی کتێبەکە بە عەرەبی نووسراوە، من ئەگەر چی بەراوردم لە نێوان عەرەبی و کوردییەکەدا نەکردووە، بەڵام گەواهی دەدەم، ئەمە یەکەمین جارە کتێبێکی هێندە گەورە و گران لە عەرەبییەوە، بە زمانێکی هێندە باڵا و ڕەوان، تەرجومەی کوردی کرابێت. من کە بە پلەی یەکەم، زمانی نووسین جێگەی بایەخمە، ئەوە زمانی جوان بوو، کارێکی کرد، ئەو کتێبە درێژە بە ماوەیەکی کورت بخوێنمەوە. زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی ئەو لێژنەیەی ئەم کتێبەیان کردووە بە کوردی، ئاخر زۆر چێژم لە زمانە پاراوەکەیان بینی.

ئاخۆ ئەگەر بارزانی چرای کەسکی بۆ ئۆتۆنۆمییەکی بێ کەرکووک هەڵکردبا، شۆڕشی ئەیلوول هەر تووشی نسکۆ دەهات؟ ئێران پەتایەک بوو بە جۆرێک بە جەستەی شۆڕشی ئەیلوولدا بڵاو ببووەوە، شۆڕشی نیمچە ئیفلیج کردبوو، بەڵام شەڕ بە گوشاری ئێران هەڵنەگیرسایەوە، ئەگەر بارزانی بیری لای قازانجی خۆی بووایە، دەیتوانی بەهاری ١٩٧٤ لەگەڵ بەعسدا سازش بکات، وەلێ ئەو لە پێناوی کەرکووکدا قوماری بە چارەنووسی خۆی کرد، بۆیە دەبێت ئەو هەڵوێستەی بە گەورەترین سەروەری بۆ تۆمار بکرێت.

لە ڕوانگەی نووسەری کتێبەکەوە، بارزانی بۆیە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ٦ی ئاداری ١٩٧٥ بڕیاری وەستاندنی شەڕی دا و کۆتایی بە شۆڕش هێنا، چونکە ویستی گەلەکەی لە بەڵایەکی ترسناک بپارێزێت، کە هیچ گومانی لەوە نەبوو تووشی دەبێت، ئەگەر چی بەو کارەی، ناوبانگی خۆی و مێژووی خەباتیشی خستە مەترسییەوە.(ل٢٣) ئەگەر بڕوا بەم لێکدانەوەیەی نووسەر بکەین، پێویستە بڕیاری سەختی چەکفڕێدان کە جۆرێک بوو لە خودکوژی، بە مەزنترین قوربانی بۆ بارزانی تۆمار بکەین. شیاوی گوتنە ئەو سەروەختە بارزانی پیرەمێردێکی ناساغی ٧٢ ساڵە بوو.(ل٢٢)

دوای پێنج مانگێک لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، لە شوباتی ١٩٦٢دا، لە عەودالان کۆ دەبێتەوە و (دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) دەکات بە دروشمی ناوەندیی خۆی.(ل٥٩ و ٨٨) من پێم وایە ئەوە دروشمێکی چەوت بوو، ئاخر هیچ مەرج نییە دیموکراتی لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، یان تەنانەت بە جێگیربوونیشی خواستی نەتەوەیەکی بندەست، با لە ئۆتۆنۆمیشدا خۆی

بنوێنێت، دابین بکات. دێرینترین سیستەمی دیموکراتی له ئاسیادا، سیستەمی فەرمانڕەواییی هیندستانه، کەچی هێشتا له سایەی ئەو دیموکراتییەدا، خەڵکی کشمیر قەلاچۆ دەکرێن. له ئیسپانیای دیموکراتیشدا، هێشتا (باسک)ەکان به مافه نەتەوەییەکانی خۆیان شاد نەبوون. هەنووکەش که کوردی باشووری عێراق به هیوایه، له عێراقێکی دیموکرات و فیدرالدا به مافه ڕەواکانی خۆی بگات، هەمان هەڵەی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول دووباره دەکاتەوه. ئەوه نییه ئیبراهیم جەعفەری نەک به کردەوه، تەنانەت به قسەش بڕوای به عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ نییه! تا ئێستا کورد هەر ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ هەر داگیرکارێکی کوردستاندا مۆر کردبێت، بەهای ئەو قەڵەمەی نەبووه که ڕێککەوتننامەکەی پێ نووسراوه، ئاخر داگیرکاران هەرگیز وەفایان بۆ ئەو گفت و بەڵێنانه که به کوردیان داون، نەبووه.

ئەگەر چی دیموکراتی بەبێ عەلمانیبوون هەبوونی نییه، وەلێ دیموکراتی زادەی عەلمانیبوون نییه. عێراقی سەروەختی بەعس عەلمانی بوو، بەڵام دیموکراتی نەبوو. بەعس بۆیه عەلمانی بوو، تا دەسەڵاتی پیاوانی ئایین بۆ خۆی زەوت بکات. دەسەڵات له پیاوانی ئایین سەندنەوه، جیاکردنەوەی ئایینه له دەوڵەت، بەڵام دیموکراتی نییه، کاتێک دیموکراتی سەروەر دەبێت که دەسەڵات لای نوێنەرانی میللەت بێت. ئایا جەعفەری که ئاخوندێکی بۆێنباخ له مله، دەبێت چاوەڕێی ئەوەمان لێیان هەبێت، ئایین له دەوڵەت جوێ بکاتەوه و عێراقێکی دیموکرات دابمەزرێنێت؟ من قەت پێم وا نییه، ئاخر ئەوه نەک هەر چەک له شانی خۆ داماڵین، خۆکوشتنیشه.

مەسعوود بارزانی هەر له ٢٠ی ئاياری ١٩٦٢ەوه، واتا هەر له هەشت نۆ مانگێک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوه، دەبێته پێشمەرگه و تا نسکۆی شۆڕشەکەش هەر پێشمەرگه دەبێت. ئەوەی نووسەر چالاکانه له شۆڕشەکەدا بەشدار بووه و نزیکەی هەمیشه له نزیک ڕێبەری شۆڕشەکەشەوه بووه، وەک ئیشی نووسینی کتێبەکەی بۆ ئاسان کردووه، کارێکی وایشی کردووه، بێلایەن نەبێت، بەڵکوو له دیدی پارتی و بارزانییەوه، سەرنجی کێشەکان بدات و تەنانەت هەندێک جار پاساویش بۆ ئەو هەڵانه بهێنێتەوه که شۆڕش تێیان کەوتووه.

نووسەر دەڵێت: (شۆڕش شتێکی لەخۆوەبوو، لەپڕ و بێ ئامادەکردن و نەخشه بۆ کێشان ئاگرەکەی هەڵگیرسا.) (ل٨٧) من پێم وایه ئەمه لایەنێکی گەشی شۆڕشی ئەیلوله، ئاخر شۆڕش و ڕاپەڕینه ڕەسەنەکان، خۆڕسکانه و بێ پلان بۆ دانان لەنێو جەماوەرەوه سەر هەڵدەدەن. ئەو بزووتنەوانەی که ئەم حیزب یان ئەو کۆمەڵه ئەفسەر نەخشەی بۆ دەکێشن، شۆڕش یان ڕابوون نین، کودەتا یان یاخیبوونن. ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لەنێو شۆڕشی ئەیلوولدا نەخشەی بۆ کێشا، چونکه نه شۆڕش بوو نه ڕابوون، به جاشایەتی کۆتایی هات.

له پاییزی ١٩٦٣دا که لەشکری عێراق پەلاماری هێزەکانی بارزانی دەدات، ئیبراهیم ئەحمەد نەک هەر به هانایەوه ناچێت، نەک هەر بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر ئەو، له قۆڵێکی دیکەوه سوپای عێراق سەرقاڵ

ناکات، بەڵکوو دێت بۆ لە زەویدانی پشتی ئەو، پێوەندیی لەگەڵ عیسا پیژمانی گەورە ئەفسەری ساواکدا دادەمەزرێنێت. پێوەندیی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و ئێران، لەو ڕۆژەوە دەستپێ دەکات کە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ لاوازکردنی شوێنپێی بارزانی، هانا بۆ پیژمان دەبات. سەروەختی کۆنفرانسەکەی پدک لە ماوەت (١٩٦٤/٤/٤) کە لەسەر خواستی ئیبراهیم ئەحمەد بەسترا و دووکەرتبوونی ‹پدک›ی لێ کەوتەوە، (عیسا پیژمانی ساواک لە ماوەت بوو، بەردەوام ئاگری ناکۆکییەکەی خۆش دەکرد.)(ل١٧٣)

ئێران لە ڕێی عیسا پیژمانەوە چەک و تفاقێکی باش بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەنێرێت، کە بارزانی داوای چەند بڕنەوێکی لێ دەکات، دەڵێت: (بە خوا قەسەم تاقە فیشەکێک چییە، نایدەمێ.)(ل١٧٦) ئیبراهیم ئەحمەد لە پاییزی ١٩٧٠دا، لە حاجی ئۆمەران، بەرزەپێ لەبەر بارزانی هەڵدەستێت و بە دەنگی بەرز دەڵێت: (وا گەڕاومەتەوە بۆ سەنگەری نیشتمانپەروەری، ئەوی خوازیار بێت خزمەتی کورد بکات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەنگەرە.)(ل١٧٤) شیاوی گوتنە ئەوە جاری دووەم بوو کە بارزانی لە خۆی و تاخمەکەی خۆش دەبوو، ئاخر لە هاوینی ١٩٦٥یشدا، کەڕەتێکی دیکە لێیان خۆش ببوو.

2005. 06. 01

(١) ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەریەکانم، ١٩٩٧ ستۆکهۆڵم.

(٢)بریا عومەر کلۆڵ کە سکرتێری بزووتنەوەی کەرگەلی کوردستانە، لەمەو دوا داوای لەسەر ئەوانە تۆمار دەکرد، کە ناوی جاش لە ناپاک دەنێن، ئاخر نێوزەدکردنی ناپاک بە جاش، ئەوپەڕی سووکایەتی بە جاشولکە کردنە.

(٣) مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ٢٠٤ و ل٢١٢ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٤ هەولێر. (ئیدی تا دێمە سەر خوێندنەوەی بەشی دووەمی دوەمی کتێبەکە تەنیا لاپەڕەکان دەستنیشان دەکەم. ح. س. ح)

(٤) دیمانە لەگەڵ بەرپرسی دەزگای ئاراس، گوڵان، ژمارە (٥٣٨) هەولێر ٢٠٠٥/٥

# کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم

3

**حەمەسەعید حەسەن**

شای ئێران چونکە دەیویست کورد وەک کارتێکی گوشار بۆ سەر عێراق لە پێناوی دابینکردنی بەرژەوەندەکانی خۆیدا بخاتە گەڕ، دژی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ۱۹۷۰ی نێوان پارتی و بەعس بوو، ئاخر پێی وابوو ئەو ڕێککەوتنە گۆڵێکە بارزانی لە ئێرانی کردووە. لە تۆڵەی ئەو گۆڵەدا دوای ڕێکەوتننامەی ٦ی ئاداری ۱۹۷۵ی جەزائیری نێوان ئێران و عێراق، شا بە مەبەستەوە وادەی ڕۆژی یازدەی ئادار، بۆ دیتنی بارزانی دەستنیشان دەکات، بۆ ئەوەی ناڕاستەخۆ پێی بڵێت، پێنج ساڵ بەر لە ئێستا، تۆ لەم ڕۆژەدا، گۆڵێکت لە من کرد، وا منیش لە هەمان ڕۆژدا تۆڵەی خۆم دەکەمەوە. (ل١٧١ ب٢)

ئەمریکا و ئیسرائیل ئەگەر چی بەڵێنیان دابوو، سەروەختی تەنگانە دەستی کۆمەک بۆ شۆڕشی ئەیلوول درێژ بکەن، وەلێ دوای ٦ی ئاداری ۱۹۷۵ هەردوو لایان لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز دەبنەوە و بە هانای بارزانییەوە ناچن. مەسعوود بارزانی لە هەمان لاپەڕەدا، سەرەتا دەڵێت: ئەگەر بارزانی نەخۆش و بە ساڵداچوو نەبووایە، درێژەی بە شۆڕش دەدا، وەلێ دواتر دەنووسێت: شەڕنەکردن، بڕیارێکی بوێرانە بوو، بارزانی بەوە ناو و ناوبانگی خۆی دا بە دەم باوە و خۆی کردە نیشانە بۆ تیری تانە و تەشەری خەڵک. (ل١٧٢ ب٢)

شۆڕشی ئەیلوول بە کارکردی دەستتێوەردانی ئێران هەرەسی هێنا، سەرکردایەتیی شۆڕش چونکە پشتی بە کۆمەکی شا بەستبوو، بۆیە پەتیشی بۆ ئێران شل کردبوو، وەک دەخوازێت دەست بخاتە نێو کاروباری نێوخۆی کوردەوە، دیارە ئەنجامی پێوەندییەکی وەها نابەرابەر، هەر نسکۆی لێ دەکەوێتەوە، کەچی لە ۸/۳/۱۹۷۵دا، دوو ڕۆژ دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، د. مەحموود عوسمان لە نامەیەکدا کە لە تارانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و بارەگای بارزانی هەناردووە، دەڵێت: (بە ڕاستی قەت هیچ کەسێکی ئێمە تەوەقعی وەزعی وای نەئەکرد.) (ل٤٤٩ ب٢) ئاخۆ ئەگەر کورد سەرکردایەتییەکی شارەزای ڕێساکانی گەمەی نێو دەوڵەتانی هەبووایە، ئاوا غافڵگیر دەکرا؟ جێگەی سەرنجە کورد نەک هەر دەرسی لە ئەزموونی تاڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وەرنەگرت، بەڵکوو لە شۆڕشی نوێ و گوڵانیشدا هەم هەمان هەڵەی کوشندەی دووبارە کردەوە، هەم بە هەمان چارەنووسیش گەییشتەوە.

شوباتی ۱۹۷٤ سەددام حسێن بە ئیدریس بارزانی دەبێژێت: (بە باوکت بڵێ، ئەگەر ناچار کراین تەنازول بۆ شا بکەین، ئەو کاتە ئێوە نرخێکی گران دەدەن.) (ل١١١ ب٢) ئەوەبوو بەعس بۆ ئەوەی سەر بە کورد نەوی بکات،

دەستی لە شەتتی عەرەب هەلگرت. کە وتوویژی ناوەڕاستی سالانی هەشتای سەدەی ڕابردووی نێوان بەعس و یەک بە بنبەست دەگات، تاریق عەزیز بە وەفدی یەک دەلێت: (ئەگەر سەنگەری ئێران هەلبیژێرن، کورد باجێکی گران دەدات.) سەرانی کورد هەمان هەلەی شۆڕشی ئەیلوول دووبارە دەکەنەوە، بەعسی فاشیستیش بە ئەنفال و بای مەرگ وەلامی کورد دەداتەوە. نووسەر دەلێت: ( من حەزم دەکرد تا دوا پیاو و دوا گوللە شەڕ بکەین، بەلام لە بەرانبەر بڕیاری باوکمدا، هیچ دەسەلاتێکم نەبوو.)(ل١٧٢ ب٢) هەموو سەرانی پارتی لە ئاستی بڕیاری (بارزانی)دا، ئیدی بە ڕاستیان زانیبێت یان چەوت، هەر هەمان هەلوێست و دەسەلاتی مەسعوود بارزانییان هەبووە، ئەگەر نا یەکێکیان درێژەی بە شۆڕش دەدا، بۆیە تەنیا بارزانی نا، هەموو سەرانی پارتی لە بەرانبەر نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا بەرپرسیارن.

نووسەر دەلێت: (پاش ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاخمەکەی بوون بە جاش، سلێمان موعینیش چووە پالیان و بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد، هاوکاریی لەگەل حکوومەتی عێراقیشدا دەکرد، بۆیە ئیعدام کرا و لاشەکەی بۆ ئێران نێردرایەوە، ) (ل١٩١ ب٢)

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، وەک پارتی، دوو کەرت ببوو، بەشێکیان بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد تۆفیق کە دواتر بەعس شوێنبزری کرد، لە سەنگەری شۆڕشی ئەیلوولدا بوون، بالەکەی تریان کە سلێمان موعینی کەسێکی ناسراویان بوو، سەنگەری جاشەکانی LXVI و بەعسیان هەلبژاردبوو، ئیدی ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لە ڕەوشێکی وەهادا، پارتی ئەگەر سلێمانی موعینی دەستگیر بکات، ئیعدامیشی دەکات، بەلام تەسلیمکردنەوەی تەرمەکەی بە ڕژێمی ئێران، بۆ ئەوەی بە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بیگێڕێت و کوردی ئەو بەشەی نیشتمانی پێ چاوترسێن بکات، بێجگە لە ئەوپەڕی وابەستەبوون بە ئێرانەوە، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەلناگرێت. مەسعوود بارزانی ددان بەم ڕاستییەدا دەنێت و دەنووسێت: (شۆڕش چاری ناچار بوو، ئەو کارە زۆر خەمهاوەرە بکات.)(ل١٩١ ب٢) ڕووداوێکی دیکە کە بە لای منەوە گرنگە و نووسەر خۆی لە قەرەی نەداوە، ئەو قەسابخانەیەیە کە لە ئەیلوولی ١٩٦٤دا، پیاوکوژەکانی کانیماسی بۆ شیوعییەکانی(سلێمانی)یان ساز کرد.

مەسعوود بارزانی دەلێت: (بەعس چاوپۆشی لە دروستبوونی کۆمەلەی سەر بە یەک کرد و بواری بە ئازادی کارکردنی پێ دا، ئەوە بوو کۆمەلە چەندان کەسی سەر بە پارتیی کوشت و هیچ حیزبێکی نیشتمانیی نەما، تووشی شەڕی کۆمەلە نەیەت. کە یەک سالی ١٩٨٦ پەیمانی لەگەل پاسداراندا بەست، ئەوسا بەعس بە هەفتەیەک کۆمەلەی پەرەوازە و پاکتاو کرد و پاشماوەی هێزە بەزیوەکەی لە ئێران خۆی گرتەوە.) (ل٢٠٥ ب٢)

کۆمەلە توندڕۆترین لایەنی گۆڕەپانەکە بوو، نە سلی لە تیرۆرکردنی ئەندامانی لایەنەکانی دیکە و نە سلی لە شەڕی نێوخۆ دەکردەوە. کۆمەلە لەسەر گومانیش خەلکی دەکوشت و ئەگەر پێی وا بووایە ئەگەری ئەوە هەیە

فلانە کەس لە داهاتوودا بچێتە پاڵ پارتی، بێ یەک و دوو دەیکوشت و هەر لەم تێڕوانینەشەوە، نووری حەمەعەلیی تیرۆر کرد. ڕاستە کۆمەڵە بەو سیاسەتە توندڕۆیانەی خۆی، خزمەتێکی باشی بە بەعس دەکرد، وەلێ ئەمە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی بەعس کارئاسانیی بۆ کردبێت، ئەوە نەبوو بەعس هەر لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ڕاپەڕین سەران، کادیران و ئەندامانی کۆمەڵەی ئیعدام و زیندانی دەکرد؟

لە ڕوانگەی نووسەرەوە ئەگەر شای ئێران و هەنری کیسنگەری وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا، پەیمانشکێنییان نەکردبا و دەستبەرداری شۆڕش نەبوونایە، کورد تووشی نسکۆ نەدەهات! (ل٢١٣ ب٢) ئایا ئەوە ئەرکی ئێران یان ئەمریکایە، شۆڕشی کورد لە نسکۆ بپارێزێت؟ ئایا گەییشتنی شۆڕشی ئەیلوول بەو چارەنووسە تاریکە، بە پلەی یەکەم لە ئەنجامی هەڵە و بەدحاڵیبوونی کورد خۆیەوە نەبوو؟ کورد وەک تاک و وەک گەل، وا ڕاهاتووە ئۆباڵی هەڵەی خۆی، بخاتە ئەستۆی ئەوی یان ئەوانی دی! نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بوو بە بارانی خێر و بەسەر تاڵەبانیدا باری، ئاخر ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول بەو ڕۆژە ڕەشە نەگەییشتبا، نە لایەنێک لە دایک دەبوو ناوی یەنک بێت و نە تاڵەبانیش بەم ڕۆژە گەشە دەگەییشت. مەسعوود بارزانی پێی وایە، تاڵەبانی دەبێت تا ماوە شوکرانەبژێری هەنری کیسنگەر بێت، (ئاخر ئەگەر ئەو نەبووایە، ئەم خۆی لەو بارودۆخەی ئێستەیدا نەدەبینی.) (ل٢١٣ ب٢) ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول دووچاری نسکۆ نەهاتبا، هیچ دوور نەبوو، هەنووکەش تاڵەبانی هەر جێگری نوێنەری پارتی بووایە لە بەیرووت!

2005. 06. 06